کوردستان نێت
KURDISTAN NET
ڕۆژنامەیەکی ئەلکترۆنی ڕۆژانەی کشتی سەربەخۆی کوردییە
www.kurdistannet.org
بەکاتی ناوەندی ئەوروپا 13-4-2007 0:15

## کەلتوورە داخراوەکان و مەرگی مرۆڤ.. !! هەورامان محەمەد

زۆرجار ئەو هەواڵی جەرگبڕو پڕ لە ناسۆرانەی کە بەرامبەر بە گیانی مرۆڤەکان لە رۆژنامەکاندا بەرچاو دەکەون و دەخوێنرێنەوە کە لە ئەنجامی عەقڵی کەلتوورە داخراوەکاندا هاتوونەتە دی، خوێنەر بەدەست خۆی نییە تووشی شۆك دەبێت و هەمیشە لە ئاست ئەو کەلتوورانەدا تووشی رەشبینییەك دەبێت کە چارەسەری لەلا مەحاڵ دەبێت!
زۆرینەی ئەو چیرۆکە تراژیدیانەش کە لە هەناوی کەلتوورەکانەوە سەر دەردێنن بێشك پێشڕەوایەتییەکی هەر عەقڵی باوك سالارییە کە دەیەوێت ناسنامەی دڕندایەتی بەرامبەر بە مرۆڤایەتی ئاشکرا بکات.
ئەگەر تا دوێنی کەلتووری نەتەوەیی لە ناخی مرۆڤەکان ڕێگرێك بووبێت لە ئاست نزیکبوونەوەو لێك تێگەیشتن لەنێوان مرۆڤەکان ئەوا دەتوانری تەنها دەست نیشانی کەمیەك بکری اە ناو کۆمەڵگادا کە ناتوانن هەنگاو بۆ کرانەوەی عەقڵی خۆیان بدەن، بەڵام ئەوانەشی کە هەمیشە لەبیر کردنەوەدا بوون و دەبن بۆ ئایندەی گەشی کۆمەڵگاکەیان تەنها بیرکردنەوەی زاڵی پێشکەوتوویان لەپێناو مرۆڤایەتیدا بووە.
بۆ نموونە کەس نەبووە وەك (دڵدار) شاعیری مەزن بیری نەتەوەیی لەناخیدا باڵا بووبێت بەپێی ئەو بەڵگەیەی کە شاعیر خاوەنی (سروودی ئەی رەقیب) بووەو کەچی لە هەمان کاتیشدا هەستی مرۆڤایەتییەکەی زۆر پیرۆزتر بووە لەلای بەتایبەتی لە بواری خۆشەویستیدا!
چونکە بەپێی مێژووی ژیانی (دڵدار) ی شاعیر لە تەمەنی لاوێتیدا خۆشەویستەکەی کچێکی عەرەب بووە، واتە لێرەدا دەردەکەوێت کە شاعیر ئەگەر چەند نەتەوەیی بووبێت بەرامبەر بە ئایندەی نیشتمان و لەپێناو سەربەخۆیدا لەهەمان کاتیشدا لەناخیدا هیچ کات ڕێگر نەبووە لە هەستی خۆشەویستی بەرامبەر بە کەسێك کە غەیری نەتەوەکەی خۆی بووە ئەمەش ئەوە دەسەلمێنی کە شاعیر لەدەست پێکی بیرکردنەوەکانی ژیانیدا مرۆڤایەتی لەسەر هەموو بیرکردنەوەکانیدا بووە، ئەمەش باشترین دەرخستنی رۆشنبیرێتی مرۆڤ دەردەخات بەرامبەر بیرکردنەوەکان.
بەڵام بەداخەوە ئەو ڕووداوە ناسۆرانانەی کە لە دوومانگی رابردوودا لە سنووری (شێخان) دا ڕوویداوە بەرامبەر بەخۆشەویستی مرۆڤەکان ئەم هەنگاوە قیزەون و شەڕانگێزانە ئەو دەرگایانە دەکاتەوە کە لەناخی کەلتووری دیندا چ کوشتارگەو داستانە خوێناوییەکان خۆیان حەشارداوەو عەقڵێ باوك سالاریش چۆن بووەتە داینەمۆی ئەم خوێن رشتنە!
ئەگەر کەلتووری دین سەرەتای رۆشنبیرکردنی مرۆڤ بووبێت لەمێژوودا ئەوا خاوەنی هەموو ئەو چیرۆکە خوێناوییەشە کە لە هەناوی خۆشیدا دەرهەق بە داخراوی خۆی بەرامبەر بە مرۆڤەکان هێناوەتە مەیدان و هەمیشە ڕێگر بووە لەژێر سایەی عەقڵی شمشێرو فەنابوونی روحی سپی مرۆڤەکان لە کۆمەڵگادا!!

Hawraman976@yahoo. com

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بلاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.